# سینمای جهانی

# Universal Cinema



# توندوتیژی لەهەموو فیلمەکانمدا ئامادەیی هەیە

## چاوپێکەوتن لەگەڵ دەرهێنەری نەمسایی (مایکل هانکە)، دەرهێنەری فیلمی (قردێلەی سپی) براوەی خەڵاتی دارخورمای ئاڵتونی فیستیڤاڵی کان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
ئەکبەر حەسەن

(قردێلەی سپی) کۆمەڵێک رووداوی سەیر دەگێڕێتەوە کە لەسەروەختی جەنگـــی جیهانی یەکەمـــدا لەگوندێکی بچووکـــی ئەڵمانیا روودەدەن. چیرۆکەکە باس لەکەشێک دەکات، کەبۆ سزادانی منداڵەکانی گوندەکە سازکراوەو لەهەلومەرجێکی زۆر توندی پوریتانیزمدا جێبەجێ دەکرێن. بەلای هانکەوە ئـــەم چیرۆکە لەڕابردوودا روویداوەو لەهەمانکاتیشـــدا دەست و پەنجە لەگەڵ کێشەیەکی مۆدێرنیش نەرم دەکات.

**پ: بەڕێز هانکـــە، ئایا فیلمی (قردێلەی ســـپی) لەگەڵ فیلمەکانی پێشووتدا دەگونجێت، کەدەربارەی توندوتیژیین لە کۆمەڵگادا؟**

و: لەڕاســـتیدا من لەم فیلمەدا باسی توندوتیژی دەکەم. توندوتیژی لەهەموو فیلمەکانمدا ئامادەییان هەیە. ئەمە شتێکی حەتمییە ئەگەر تۆ بتەوێت قسە لەسەر کۆمەڵگای مۆدێرنی خۆمان بکەیت. بەڵام لەهەندێک لەفیلمەکانی پێشـــوومدا قسە لەسەر شـــێوازی پیشاندانی توندوتیژیی لەلایەن میدیاوە دەکەم زیاتر لەوەی قســـە لەسەر خودی توند وتیژی بکەم. لەفیلمی (قردێلەی سپی)دا پرسی توندوتیژیی میدیا دەستی بۆ نەبراوە هەرچەندە لەسەرەتای فیلمەکەدا سەرەـدەنگێکی زۆر هەیە کە ئاماژەن بە توندوتیژی. خۆت دەزانی هەموو فیلمێک تێمای خۆی هەیە و پێویستی بەفۆرمێکی دیاریکراو هەیە. لەبەر ئەوە، نازانم لەداهاتوودا



دەگەڕێمەوە بۆ خودی میدیا یان نا، چونکە هەموو فیلمەکان لەکۆتاییدا خۆیان خۆیان دەناسێنن. بەڵام دەشێت لەداهاتوودا لەسەر ئەم تێمایە فیلمی دیکە دەربهێنم. لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ شێوەیەک خۆشحاڵ نیم بەوەی کەوەک پسپۆڕی میدیا و تەندوتیژی ناسراوم.

**پ: چۆن بەکورتی وەسفی تێمای (قردێلەی سپی) دەکەیت؟**

و: ویســـتم ئەو منداڵانە پیشـــان بدەم کە نەوەی پێشـــوو ئایدیاڵی رەهای بەسەردا سەپاندبوون. ئایدیاڵە رەهاکان دەگۆڕێن بۆ بیرباوەڕی نامرۆڤانە. دەرەنجامی کۆتاییش تیرۆریزمی لێدەکەوێتەوە.

**پ: ئایا ئەمە لەبارەی کێشەی ئەڵمانیاوەیە؟**

و: بەدڵنیاییەوە نەخێر. کێشەکە لەکۆمەڵگای ئەڵمانیدا رەگی داکوتاوە. بەڵام لەهەموو ئەو بارودۆخانەشـــدا بەدی دەکرێـــت، کە هەوڵدەدرێت ئایدیاڵەکان بگەیەنرێنـــە قۆناغی کەماڵ. ئەمە لە دەمارگیریی ئایینیدا دەبینرێت، بەهەمان شێوە لەدەمارگیریی سیاسیشدا دەبینرێت، چ لای بزوتنەوە چەپەکان بێت یان ڕاســـتەکان. لەبەر ئەوە بەهیوام کەس وا تێنەگات ئەم فیلمە لەبارەی پرسی ئەڵمانیاوەیە.

**پ: چۆن توانیت ئەو هەموو ئەکتەرە بدۆزیتەوە؟**

و: سروشـــم لەڕووخســـارەکانی ئـــەو ماوەیە وەرگـــرت، بەتایبەتی رووخســـاری منداڵەکان. دەبوو بۆ ماوەی شـــەش مانـــگ بگەڕێین تا بتوانیـــن ئەو منداڵانە بدۆزینەوە کەلەگـــەڵ فیلمەکەدا دەگونجان. پێم وایە نزیکەی حەوت هەزار کەســـمان بینی. هەر خـــۆم ئەمەم نەکرد، تیمێکی دەرهێنەرە یاریدەدەرەکان هاوکارییان دەکردم. ئەمە پێویست بوو، چونکە من تەنیا رووخســـارە باشەکانم نەدەویست، بەڵکو دەبوو منداڵەکان توانای رۆڵبینینیان هەبووایە. بۆ رۆڵی پێگەشتووان کەمێک ئاسانتر بوو. پێشتر لەمێشکمدا ژمارەیەک ئەکتەرم هەبوون بۆ کۆمەڵێک رۆڵی دیاریکراو. هەروەها پێشتر لەگەڵ هەندێک لەئەکتەرەکان لەسینەما یاخود لەشانۆدا کارم کردبوو.





**پ: چۆن ئەکتەرەکانت ئاڕاستە دەکەیت؟**

و: پێم باشە روونکردنەوەی زۆر نەدەم بەئەکتەرەکان، ئەکتەری باش ئەو کەســـەیە، کەســـیناریۆکە دەخوێنێتەوە، بەباشی ئامادە دەبێـــت و دەتوانێـــت خۆی بخاتە نـــاو بارودۆخەکـــەوە. من بەم شێوازە دەست پێدەکەم. ئەگەر تەفسیرەکە بەباشی ئامانجی خۆی نەپێکا، ئەو کاتە بۆ ئەکتەرەکە یان بۆ ئەکتەرەکان شـــیدەکەمەوە هەڵەکان لەکوێدان. من هەمیشـــە ئیشم لەگەڵ ئەکتەرە مەزنەکاندا کردووەو ئەوان هەرگیز کێشـــەیان لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کە من پێم نەوتوون چیبکەن و چی مەکەن. پێموایە هەموو ئەمانە پەیوەستن بەوەی، ئەو کاســـتەی تۆ هەتە، تا چەند کاســـتێکی باشە. ئەگەر تۆ ئەکتەرێکی باشت بۆ رۆڵێکی باش هەڵبژارد، ئەو کاتە ئیشەکە بەرێکوپێکی دەڕوات بەڕێوە. بەڵام دەبێت بارودۆخەکە لەسەرەتاوە زۆر روون بێت.

**پ: سەبارەت بەتەفسیر کردنی فیلمەکانت چی دەڵێیت؟**

و: ماوەیەکی کەم بەر لەئێستا وتارێکی درێژم لەگۆشەی (باوان و منداڵان)دا خوێندەوە. نازانم ئەمە راستە یان نا. هەرچۆنێک بێت، من ئاگاداری ئەم هەموو ئاستی مانایانە نیم (بەپێکەنینەوە).

**پ: تەفسیری جیاواز جیاواز بۆ فیلمەکە دەکرێت کاتێک وەڵامی رۆژنامەنووسان و بینەران نادرێتەوە ....**

و: لەڕاســـتیدا ئامانجی مـــن ئەوەیە تۆی بینـــەر دوای بینینی فیلمەکـــە چت لاجێبمێنێت. من هەمیشـــە دەمەوێت بەشـــێوازێک چیرۆک بگێڕمەوە، کە بینەر بهەژێنێت و وای لێبکات دەرباری تێمای فیلمەکە پرســـیار لەخۆی بکات. بەڵام، بەبڕوای من، وەڵامدانەوەی هەمـــوو پرســـیارەکان دەرەنجامێکی پێچەوانـــەی دەبێت. هەموو کەســـێک بەردەوام کۆمەڵێک پرســـیارم لێدەکەن. یەکەم فیلمیشم هەروا بوو: (پرســـیاری زۆر دەربارەی فیلمەکە). بەڵام من کەسێک نیم بتوانم وەڵامی هەموو پرســـیارەکان بدەمەوە. جیهان ئەوەیەکە هەیە. هونەرمەند ئەو کەسەیە، کەپرسیاری هەیە. بۆ زانینی وەڵامی دەبێت پرسیار لە خودا بکەیت. ئەگەر خەڵک وەڵامی پرسیارەکەی بزانیایە، ئەو کاتە جیهان تـــەواو جیاواز دەبوو. ئەوەی کەبتەوێت وەڵامێکی گشـــتی بۆ هەموو کێشـــەکان بخەیتـــەڕوو، نەک تەنیا ساویلکەیی، بەڵکو گێلێتیشە. زۆر بە دەگمەن کارێکی حەکیمانەیە وەڵامەکان بەردەست بخەیت. بەڵام لەوانەیە زۆر بەسوودبێت ئەگەر بتوانیت پرسیار ئاراستە بکەیت.

**سەرچاوە:**
/http://cineworkinst.eu/english-1/michel-hneke

# ئالیس گای بلاش
# خەونی بەفیرۆچووی سینەما

شیلان سەعدی




سـالّی ١٨٩٥ ئامێـری تۆماری وێنە و پێشـان دانەوەی دروسـت کـرا و لە گرانـد کافەی پاریـس یەکەمین وێنەکان پێشکەشـکران. لەو ڕۆژەوە برایانی لومییر وەک خولّقێنەرانی هونەرپیشـەی سـینەما ناویـان لە مێژوودا تۆمارکرا و تەنها لە هەندێک لە کتێبە مێژوویەکانی سینەمادا ئاماژە بە ئامێرەکەی (تۆماس ئەدیسۆن) کە هاوکات لەگەلّ لومییرەکان بەرهەمی هێنابوو دەکرێ. بەلاّم تا سالّیانێکی زۆر یەکێک لە خولّقێنەرانی سـەرەکی سـینەما لە بیرکرا و لە هیچ کام لە کتێبە مێژوویەکانی سینەما دا باسی نەکرا.

٢٢سـالّ بەر لە خولّقانی سـینەما ژن و پیاوێکی فەڕانسـی کە لە شـیلیا دەژیان و لای کتێبفرۆشـێک کاریان دەکرد، کچێکیان هەبوو و ناوی ئالیس بوو. ٢ سالّ دواتر ئالیس نێردراوە بۆ فەڕانسە و لای نەنکی ژیا و چەند سالّ دواتر کاتێک باوک و برای ئالیس لە شیلیا کوژران دایکیشی گەڕاوە بۆ فەڕانسە. کۆمپانیای (گامۆنـت) لە ١٨٩٤ دامەزرا و ئالیس وەک فرۆشـیاری کەلوپەلی وێنەگرتن لەو کۆمپانیە دەسـتی بە کار کرد. هەر لـەو کۆپانیایە لەگەلّ بیرۆکـەی وێنەی جولّەکەر ئاشـنا بوو، ٢٢ی مارسی ١٨٩٥ لەلایان برایانی لومییر بانگهێشـتکرا بۆ هاوکاری و لە ڕاسـتیدا هاوشـان و هاوهەنـگاوی لومییرەکان بوو بۆ خولّقاندنی کامێرای تایبەتـی سـینەمایی. ئالیس بەمەش نەوەسـتا و یەکەمین فیلمی فیکشـێنی مێژووی سینەمای سالّی ١٨٩٦ لە ژێر نـاوی (La Fée aux choux (The Cabbage Fairy)) لـە ٦٠ چرکەدا دروسـتکرد بەلاّم دواتر کـە (جۆرج میلیەس) یەکەمیـن فیلمی فیکشێنی خۆی دروستکرد، مێژوو ناوی ئەوی تۆمارکرد و ئالیس لە بیرکرا. هەر لەو سالاّنەدا ئالیس کەلّکی لە ئامێرە نوێیەکەی ئەدیسۆن واتـا (گرامافۆن) وەرگرت و دەنگی بـۆ فیلمەکانی خۆی تۆمارکرد و هاوکات لەگەلّ نیشاندانی فیلمەکە دەنگەکەش بلاّودەبۆوە.

لـە ١٩٠٦ ئالیس فیلمـی (The Life of Christ) دەربارەی ژیانـی عیسـای پێغەمبەری بـە پارەیەکی زۆر دروسـتکرد و هەر لە کاتی دروسـتکردنی ئەم فیلمەدا ئالیس بەر لـە تۆمارکردن دەچووە پێش کامێرا و لەگەلّ ئەکتەرەکان قسـەی دەکرد و پێیدەگووتن چۆن دەور بگێـڕن و داوای دەکـرد ئەکتەرەکان خۆیانبن و هەسـتەکانیان چڕ نەکەنەوە و سروشـتی بن. لە ڕاسـتیدا یەکەمین دەرهێنەر بوو کە شێوازی دەورگێڕانی بە ئەکتەرەکانی دەگووت.

ئالیس سـالّی ١٩٠٧ لەگەلّ هێربێرت بـلاش زەماوەند دەکا و کۆچ دەکـەن بۆ ئەمریـکا و نوینەرایەتـی کۆمپانیای گامۆنـت لەو ولاّتە دادەمەزرێنن و لە پالّ ئەوەشدا کاری دەرهێنانی فیلم دەکەن و دەتوانن لە ماوەی ٢ سـالّدا پارەیەکی زۆر کۆکەنەوە و ئالیس توانی یەکەمین ستۆدیۆ لە ژێر ناوی (سولاکس) بەر لە بەدیهاتنی هۆلیوود دامەزرێنێت و یەکەم ژن بووە کە خاوەنی سـتۆدیۆ بووە. لە ماوەی ٤ سالّدا ٣٢٥ فیلم لە ستۆدیۆکەی خۆی دروستدەکات.




لەو سـەردەمەدا بە هۆی ئـەو ڕوانگەیەی کە سـەبارەت بەژنان هەبـوو و کارکردنی ئەوانی سەختتر دەکرد، ئالیس بە جلوبەرگی پیاوانە لە ستۆدیۆکەی ئامادە دەبوو.

سـالّی١٩٢٢ ئالیس ٢ منداڵـی هەبوو، بەلاّم درێژەی ژیانی هاوبەشـی لەگەلّ هێربێرت بەلاوە سـەخت دەبـێ و لێـک جیادەبنـەوە. ئالیـس دەگەڕێتەوە فەڕانسە و ئیتر واز لە فیلم دروستکردن دەهێنێت.

لە ماوەی سالاّنی ١٨٩٦ تا ١٩٢٢ ئالیس پتر لە٤٠٠ فیلمی دروسـتکرد کە پتر لە١٠٠ دانە لەم فیلمانە دەنگدار بوون. پاش گەڕانەوەی بۆ فەڕانسە سـەرقالّی ڕۆمان و سیناریۆنوسین و هەروەها وتار پێشکەشـکردن دەبێ. سـالّی ١٩٥٣ خەلاّتی تایبەتی حکومەتی فەڕانسـە و نازناوی لێژیونێری بە هـۆی تەمەنێک چالاکی کاریگەر لە پێکهاتنی سینەمای پێدرا. سالّی ١٩٦٤ چووە لای کچەکەی لە ئەمریکا و ٢٤ مارسـی ١٩٦٨ لە مالّی تایبەتی بەسـالّداچووان لە نیوجێرسی کۆچی دوای کرد.





ئالیس یەکێکە لەو کەسایەتیانەی بوونە هۆی بەرهەمهێنانی سینەما و هەموو ژانرەکانی سەردەمی خۆی تاقیکردەوە، بە تایبەت دەستپێکی ژانری (نۆئار) لە فیلمەکانی ئەودا بەدی دەکرێ. ئالیس ژیانی خەلّکی سەردەمی خۆی لە فیلمەکانیدا دەخستەڕوو و بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و فەڕانسی هەولّی سازکردنی پەیوەندی لەگەلّ بینەردەدا. هەروەها لە هەندێک لە فیلمەکانی ئالیسدا جۆرێک لە ڕوانگەی فیمینیستی بەرچاو دەکەوێـت، کە ڕۆلێکی گرینگیان لە پێکهاتنـی بیرۆکەی فیمینیزم لە فیلمدا هەبووە.

ڕۆلّی بەرچاو و تێکۆشان و کاریگەری ئالیس لە سەر مێژووی سینەما تا کاتی بلاّوبوونەوەی کتێبی بیرەوەرییەکانی لە ١٩٧٦ شـاراوە بوو. هەروەهـا کتێبـی (ئالیس گای بلاش خەونی بەفیرۆچووی سـینەما) لە نوسـینی « ئالیسـۆن مەک ماهان» زۆر نهێنی و چالاکـی ئالیس دەگێڕێتـەوە. مەک ماهان دەلّێ: لەو سـەردەمەدا کـە کارکردنی ژنان لە کۆمەلّگای ئێمەدا سـەخت بوو، ژنان دەرفەتی نێشاندانی تواناکانی خۆیان نەبوو ئالیس بوێرانە کاری دەکرد بەلاّم بە هۆی ڕوانگەی پیاوانەی ئەو سـەردەم و هەروەها خراپ تێگەیشـتن لە فێمێنیزم هیچ کات ئالیسیان بەشیاوی خەلاّت پێدان نەزانی و تەنانەت لە مێژووشدا ناویان تۆمار نەکرد.»

سـالّی ١٩٩٥ مارکێز لۆپاژ دەرهێنەری فەڕانسی فیلمی «باغی وون بوو»ی دەربارەی ژیان و چالاکییە هونەرییەکانی ئالیس دروسـتکرد. لۆپـاژ لە وتووێژێکدا دەلّێ» فیلمەکە دەربارەی ژنێکە کە هەموو کات بە ئەکتەرەکانی دەگوت: سروشتی بن.»

فیلمەکەی لۆپاژ بە پێچەوانەی مێژووی سـینەما کە بلانشـی لە بیر کردبوو دەیەوێ ڕۆلّ و کاریگەری ئەو زیندوو ڕاگرێ.

**سەرچاوە:**

کتێبی (ئالیس گای بلاش خەونی بەفیرۆ چووی سینەما) لە نووسینی «ئالیسۆن مەک ماهان»








# سینەمای سینیگال
# ئیبراهیم و بازرگانییە بچووکەکان

نووسینی: سارا پاک زەمیر
وەرگێڕانی: ئازاد سەوزە




(شکۆی نیشتمان شـــتێک نییە بێجگە دوورکەوتنەوە لە خود، لە دەرەوەی نیشـــتمان تۆ لەگەڵ خۆت ڕووبەڕوو دەبیتەوە، تێدەگەیت چ کەسێکیت و تێدەگەیت ئایا دەتوانیت لەبەردەم هۆکارە دڵەراوکێ دروســـتکەرەکانی دنیاکانیتردا بەرگری بکەیت، لەوانەیە تەنها شتێک کە حەقیقەتی هەبێت ناخ و دەروونی مرۆڤ خۆیبێت.) ئەمانە قسەی دەرهێنەرێکی لاوە کە لەســـاڵی ٢٠٠١دا ســـەرنجی خـــاوەن ڕاکانی جیهانی ســـینەمای بۆ جیاوازیو قوڵی ســـینەمای سینیگال ڕاکێشا، (ئالن گومیس) ســـاڵی ٢٠٠١لە فێســـتیڤاڵی لۆکارنۆ ئامادەبوو تاکو خەڵاتـــی پڵنگی زیوین وەکو دەرهێنەرێکـــی لاوو بەتوانا زیاد بکاتە سەر لیستی شانازییەکانی وڵاتی سینیگال.

ماوەیەک دوای ئەوە کتێبخانەکەی (ئالن گومیس) بە پەیکەری ئەسپی ئاڵتونی فێســـتیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمە فەرنسی زمانەکان ڕازایەوە، ئەوەی شـــکۆو مەزنایەتی بۆ دەرهێنەرێکی ٣٠ســـاڵەی سینیگال بە دیاری هێنا فیلمێک بوو کە تێڕوانینی چەند لایەنەی هەبوو سەبارەت بە کۆچ، (گومیس)لە دوای دەرهێنانی فیلمی (گێژەڵوکە) بەشـــوێن بابەتە نوێیەکاندا ڕۆیشـــت و ئەنجامی هەوڵەکانـــی ئەم دەرهێنەرە بەرهەمهێنانی فیلمی (فەرەنسا) بوو لە ساڵی٢٠٠١، فیلمی (فەرەنسا) چیرۆکـــی کوڕە لاوێکـــە بەناوی (ئەلحاج) کە لەدوای ســـەربەخۆیی سینیگال سەفەر دەکات بۆ پاریس و تاکو دوای تەواوکردنی خوێندن بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و خزمەت بە نیشتمانی بابوباپیرانی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی درەنگ دەستدەکات بە درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی لە پاریس تووشی گرفتی نیشتەجێبوون دەبێت و کتوپڕ ئاسۆی ڕوناکی ژیان و خۆشـــییەکانی بەسەریەکدا دەشێوێت، پاڵەوانی فیلمەکە دوو ڕێگەی لە بەردەمدایە یان دەبێت بەیاســـاغی و نایاسایی لە فەرەنسا بمێنێتـــەوە لەگـــەڵ هاوڕێکانی بژی و ئاوی بەلوعـــە بخواتەوە، یان دەبێت پێـــش تەواوکردنی خوێندن بگەڕێتەوە بۆ ســـینیگال لەگەڵ ئەو زانیارییە کەمانەی بەدەســـتی هینـــاوە، (ئەلحاج) وێڵدەبێت بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیانی خۆی ســـەرەنجام دەگاتە ئەم پرســـیارانە (ئـــەو کێیە؟ لە ئایندەدا دەبێت بە چ کەســـێک)، (ئالن گومیس)ی دەرهێنـــەر لەم فیلمەدا بەجوانی کاریگـــەری ڕووبەڕوبونەوەی ڕۆژانە لەگەڵ کەلتوری بیانی وێنە دەکێشـــێت، ســـەرەڕای ئەوەش فیلمی (فەرەنسا) لە ڕیزی ئەو بەرهەمانەیە کە بێ ڕەگوڕیشەیی کەسێتی لە گۆشەنیگای سۆزداری و بوونناسیەوە دەخاتەڕوو. کەسێک کەڕێگەی بۆ دەرکەوتنی (ئالن گومیـــس) و دەرهێنانی فیلمەکانی هەموارکرد (عوســـمان ســـیمبین)ی دەرهێنەر بوو کەوەکو یەکەمین ڕوخساری بەرجەستەی سینیگال لەبواری فیلمسازیدا باسی دەکرێت.

(عوســـمان ســـیمبین) لەو دەرهێنەرە خاوەن خەڵاتە ئاڵتونیانەیە کە سینەمای ســـەربەخۆی ئەفریقایان پێکهێناوە، (سیمبین) لە ١/ حوزەیران/ ١٩٢٣ لەسینیگال لە دایکبووەو لە بەرئەوە خوێندنی باڵای نەبووە وەکو میکانیکیەک سەرقاڵی کارکردن بووەو لەساڵی ١٩٤٢دا پەیوەندی کردووە بە (هێزی ڕزگاری سینیگال لە فەرەنسا)و لەساڵی ١٩٤٦دا گەڕاوەتەوە شـــاری (داکا)و ساڵێک دوای ئەوە لەمانگرتنی گەورەی هێڵی ئاســـندا بەشـــداری کرد، (عوسمان سیمبین) ساڵانی لاوێتی لە نێو ئیشـــی کارگەو باربەری و یەکە بازرگانیەکاندا بەشکرد تاکو ســـەرەنجام دەرکەوتنی خەونەکانی لاوێتی لە نوسیندا بینیەوە، ســـاڵی ١٩٥٦ یەکەمین ڕۆمانی خۆی چاپکـــرد کە ڕەزامەندی زۆری بەدەستهێنا لەوکاتە بەدواوە دەستی دایە نووسینی چەند بەرهەمێک کە ناوی (عوســـمان ســـیمبین)ی لە بواری ئەدەبیاتی نێودەوڵەتی تۆمارکرد.

(ســـیمبین) لە هەوڵی بەدەستهێنانی جەماوەری وەرگردابوو تاکو گەیشتە ئەو بڕوایەی کەسانێک لە گوندەکاندا دەژین لە زمانی سینەما باشتر تێدەگەن تاکو زمانی ئەدەب هەر بۆیە ئەو ڕاستیەی بۆدەرکەوت کە بە یارمەتی سینەما دەتوانێت قسە لەگەڵ خەڵکێکی زۆری ئەفریقا بکات، (عوســـمان سیمبین)لە ســـاڵی ١٩٦١دا چوو بۆ مۆسکۆ تاکو لە خوێندنگەی (UGIK) هونەری ســـینەما بخوێنێت، ســـەرەنجام لەســـتۆدیۆی گۆرکی ســـەرقاڵی کارکردن بوو کاتێکیش گەڕایەوە بۆ سینیگال دوو کورتە فیلمی بەناوەکانی (ئیمپراتۆری سونهرای- ١٩٦٣)و (بوروم ساوت- ١٩٦٦) بۆ سینەما دەرهێنا، کورتە فیلمی (بوروم ســـاروت) فیلمێکی ڕەشـــو ســـپی بوو کە وێنەگرتنی فیلمەکە زۆر سەرســـامکەربوو بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە کێشـــەی چینایەتی کۆمەڵگە شـــیدەکاتەوە و لەڕێگـــەی گێڕانـــەوەی ژیانـــی عەرەبانەچیەک. یەکێک لـــەو ڕەخنەگرانەی ئەم فیلمەیان بینیبـــوو لە پیاهەڵدانیا گوتبووی (ئەو قوڵبوونەوەی لەم فیلمەدا هەیە شەرمی بۆ دەرکەوتنی زۆر فیلمی درێژ فەراهەم کردووە)، یەکەمیـــن فیلمـــی درێـــژی (ســـیمبین) فیلمی (کچی ڕەشپێست)ەکە سیناریۆی خۆیەتی، ئەم فیلمە لەژێر کاریگەری شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنســـادا بوو، فیلمی (کچی ڕەشپێست) ستایشـــو ناوبانگی زۆرێک لە فێستیڤاڵە جیهانییەکانی بەدەستهێنا. ئەم فیلمە دەربارەی کچێکی ڕەشپێستی سینیگالیە وەکو خزمەتکار لەماڵێکی فەرەنســـاییدا کاردەکات کامێراکەی (ســـیمبین) لە گۆشە گۆشـــەی ئەم فیلمەدا لە هەوڵی تۆمارکردنی تەنهاییو گەشـــەکردنی ناهومێدی ناخی کاراکتەری کچەکەیە، بێگومان سینیگال سەربەخۆیی بەدەســـتهێناوە، بەڵام کچە ڕەشپێســـتەکەی فیلمەکەی (عوســـمان سیمبین) هێشتا لەژێر داگیرکاری بێگانەدا ژیان بەسەردەبات. فیلمی دواتری (سیمبین) ناوی (داواکاری پارە)یە، لەساڵی ١٩٦٨دا بەدوو نوســـخە یەکێکیان بەزمانی فەرەنساییو ئەویتریان بەزمانی (ولوف) زمانی ڕەســـەنی خەڵکی سینیگال بەرهەمهێنراون، فیلمی (داواکاری پارە) دەنگێکی ڕەخنەگرانە بوو بەرامبەر ئەو نەوەیەی سەرمایەداری نوێیان پێکدەهێنا، بەرهەمە سینەماییەکانی تری (عوسمان سیمبین)ی دەرهێنەری بەناوبانگی ســـینیگال بریتین لە: (نەفرەت- ١٩٥٧)و (سیدو- ١٩٧٧)و..هتد.

لەدەرهێنەرە ســـینەماییەکانی تری ســـینیگال کەخاوەنی شـــێوازی خۆیانن دەتوانیـــن ئاماژە بـــە (جبریل دیوپ مامبیتی)بکەیـــن، (جبریـــل) کوڕی پیاوێکـــی ئایینی موسڵمان بووە لە حوزەیرانی/ ١٩٤٥دا لەدایکبـــووە ئەوکاتـــەی لەبـــواری سینەمادا شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەل چەند گروپێکی بچووکی شانۆدا کاری هونەری دەستپێکرد، سەرەڕای ئـــەوەش لەســـاڵی ١٩٦٨دا داوایـــان لێکرد گروپە شـــانۆییەکە بەجێبهێڵێت، ئەم بابەتە بـــوو بەهۆی ئەوەی (جبریل



دیوپ) هەنگاو بنێت بۆ دەرهێنانی یەکەم کورتە فیلمی خۆی بەناوی (کوڕی شـــەڕانی)کە ژیانی کوڕە لاوێکی توندڕەو و ســـەرەڕۆی وێنا دەکـــرد، (جبریل دیـــوپ مامبیتی) یەکەم فیلمی درێژی لە ســـاڵی ١٩٧٣دا بەرهەمهێنا کـــە ناوەڕۆکەکەی دەربارەی کوڕێکی بێ خولیا بوو، ئـــەم فیلمە بەخێرایـــی بوو بە فیلمێکی کلاســـیکی، (جبریل دیوپ) لەدوای ٢٠ساڵ بێدەنگیو دابڕان دوهەمین فیلمی درێژی خۆی بەرهەمهێنا بەناوی (خیانەتکار)و ئەم فیلمەش کەشو هەوای هەمان فیلمـــی یەکەمی هەبـــوو؛ فیلمەکانی (مامبیتـــی) بەهۆی لایەنگری خواســـتی سیاســـیان زیاتر ناوبانگیان هەیە، بەڵام (مامبیتی) ئەو شـــێوازەی خۆی لەو شێوازە واقعیەی سینەماکارانی ئەفریقا بەباشتر دەزانێت، چونکە فیلمەکانی (مامبیتی) چۆنایەتیەکی خەون ئاسایان هەبووەو خستنەرووی دیمەنەکان دەگەیشتە بینەران، بیگومان ئەمە یەکێک لە پێکهاتەکانی ســـینەمای (جبریـــل دیوپ مامبیتی) بووە.
مێژووی ســـینەمای ســـینیگال ئەو راستیە دەســـەلمێنێ کە رێژەی چالاکی ســـینەمایی (مامبیتی) دەرهێنـــەر زۆرکەمە بەڵام چۆنایەتی بەرهەمەکانی بـــە جۆرێک بوون کە جێگەیەکی ئەفســـانەیی لە نێو ئەفریقاییەکانو ئەنجوومەنەکانی ســـینەمای نێودەوڵەتی بۆ (جبریل دیوپ) بهێننە بوون.
ســـینیگال لەڕیزی ئەو وڵاتانـــەی ئەفریقایە کە لەبواری بەرهەمهێنانی فیلمـــی بەڵگەنامەییو کورتەفیلمـــدا دەســـتیان لەکـــورەی بەرهەمهێنانـدایـــە، بـــەڵام دەکرێت بڵێین مێژووی هونەری ســـینەمای ســـینیگال لەســـەرەتای شەســـتەکانی سەدەی بیستەمدا بەهۆی خەمخۆرانی هونەری ئەو وڵاتەوە تۆمارکراوە و گەشـــەی بەرچاوی بەخـــۆوە بینیوە و لەنێوەندەکانی ســـینەمای جیهاندا شوێنێکی شیاوی بۆ سینەمای سینیگال دابینکردووە.
فیلمی (درەختی پاکبوونەوە-٢٠٠٠) دەرهێنانی (لۆرانس ئاتالی)، فیلمی (ئیبراهیمو بازرگانییە بچووکەکان-١٩٩٧) دەرهێنانی (ئەحمەد دیـــوپ)، فیلمی (بەمجۆریە-١٩٩٨) دەرهێنانی (گای راماکا) لەریزی بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ژانری سینەمای سینیگال ئەژماردەکرێن، بەردەوامیش بەرهەمی تریان بەدوادا دێت.

**سەرچاوە:**

-هەفتەنامەی (قاب کوچک) ژمارە (٣٩).

-پاشکۆی جامی جەم ژمارە (٦٢٢)

